www.kurdistannet.org

# رفراندۆم بۆ سەربەخۆی نیشمانێکی داگیرکراو

خوێنەری سەروەر، لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٠دا نووسراوەیەکم چاپ کرا بە ناوی:

شۆڕش بۆ سەربەخۆیی کوردستان،
یان شانۆگەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و ئێراق؟

لەو نووسراوەدا ئەم دێڕەم نووسیوە{( رفراندۆم چییەو چۆناوچۆن ئەبێ ببێت بە پرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستاندا باسێکی بەرینە، بەو هیوایە لە داهاتوودا بە پێی زانیاری خۆم کە زۆریش کورتە بتوانم بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزەوە.)، کوردستانی نوێ، ژمارە ٢٢٢٩ ـ سەعی سەقزی}

*

مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان کە بوو بە پرۆژەیەکی سیاسی لە جهاندا، خۆشبەختانە لە سەرەتاوە لەلایەن کەسانێکی وەک ‹ وێلسۆن ›و ‹ مارکس› کە خۆیان و گەلەکەیان ژێردەستە نەبوون، پەسەند کراوە. ئەو زانایانە بە مەبەستی یارمەتی دانی گەلانی ژێردەستە هەستاون بەو کارە! ئەو ئازادیخوازانە بڕوایان بە دەسکەوتی رفراندۆمەکە بووە، هیچ شەرت و مەرجێکیان دیاری نەکردوە و بەرژەوەندی هیچ چین و توێژێکیان لە بەرچاو بەگرتووە جگە لە بەرژەوەندی ئەو گەلەی کە وڵاتەکەی داگیر کراوە، و وەک کۆیەلە وا لە ژێر کۆت و بەندی دیلیدا!

(رفراندۆم) یا پرۆسەی دەنگدان بۆ سەربەخۆی

کەم وەڵات هەیە لە دنیادا لە یەک نەتەوە پێک هاتبێت! هەر وەڵاتێک لەسەر ئەساسێک سیاسەتەکانی نێوخۆی بەڕێوە ئەبات. وڵاتێک لەسەر ئەساسی بەرابەری، مرۆڤدۆستی و ئاشتی و خزمەتگوزاری گشتی، بۆ نموونە سوید.
وڵاتێکی دیکە بە شێوەی دیکتاتۆری و نابەرابەری و بێ حورمەتی سیاسەتەکانی خۆیان دائەرێژێت، بۆ نموونە ئێران و ئێراق.
تا ساڵی ١٩٠٥ (سوید) و (نۆروێژ) یەک وڵات بوون، لە ساڵی ١٩٠٥دا نۆروێژییەکان بیریان لەوە کردەوە کە وڵاتکێ سەربەخۆ بەرپا بکەن. دەوڵەتی سوید، بێ هیچ شەرت و مەرجێک پیرۆزبایی لێکردن، ئێستایش وەک دوو دراوسێ تەبا ئەژین.

لەم شێوە جیابوونەوە ئەتوانین چەکوسلۆڤاکییای پێشوو، کە بێ کوشت و کشتار لە پاش رووخانی یەکیەتی سۆڤییەت بوو بە دوو وڵات بەناوی (چەک) و(سلوڤاکی).
لە وەڵاتێکیشدا کە سیستمی دەوڵەتییەکەی لە سەر بناغەی دیکتاتۆری دامەزرابێت، ئەگەر چەند نەتەوە لە ژێر دەستی دەوڵەتێکی وەهادا بژی و یەکێک لەو نەتەوانە بییەوێت وەڵاتێکی سەربەخۆ بنیاد بنێت، بەهێزی نیزامی وەڵامی ئەدەنەوە، لە ئاکامدا جەنگ لە نێوان دەوڵەتی داگیرکەر و میللەتی ژێردەستە کە نیشتمانەکەی داگیرکراوە بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیدا ئەبێت. ئەو جەنگە بە سێ جۆر ئەنجام ئەدرێت. جەنگی سیاسی ـ ئابووری ـ نیزامی

## جەنگی سیاسی

ئەم جەنگە بریتییە لە خۆپیشاندان، مانگرتن، راپەڕینی جەماوەری.... لەم جەنگەدا ماسمێدیا دەوری گرنگ ئەگێڕێت، ماسمێدیای داگیرکەر پروپاگەندی ئەوە ئەکات کە حیزب رێکخراوکانی ئەو ناوچەی کە شۆڕشی تێدا بەرپا بووە دەسکردی بێگانەن، خەڵکەکەی خۆیشی بەو ئیدئۆلۆژییە پەروەردە ئەکات، هەروەها بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیش کە شۆرشەکەی تیا بەرپا بووە ئەڵێت: ئێوە فریوی ئەوانە مەخۆن و ئێمە هەموومان خەڵکی یەک وڵاتین و یەک بەرژەوەندیمان هەیە! بە دیاری کردنی هەندێک کار و بیشەی وەک وەزیر ..... ئەکەوێتە فیریودانی گەلە ژێردەستەکە!
لە بەشی داگیرکراوەدا، خەڵک خۆی بە ژێردەستە و نیشتمانەکەی بە داگیرکراو ئەزانێت، ماسمێدیای شۆڕشیش درۆ و فرفێڵەکانی داگیرکەر دەسنیشان ئەکات کە داگیرکەر و داگیرکراوە یەک بەرژەوەندی نە بووە ، و نییە. جیاوازی ‹ ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتداری سیاسی، باری بیشەسازی و کشت و کاڵ، فەرهەنگی، ئەدەبی دەسنیشان ئەکات و خەڵک هان ئەدات کە بە ژیانی ژێردەستەی رازی نەبن، خەبات کەن بۆ ئازادی خۆیان و رزگاری نیشتمانەکەیان.
کوشندەی جەنگی سیاسی لە سەر گەلی ژێردەستە ئەم بەشەی خوارەوەیە.
داگیرکەر بەردەوام هەوڵ ئەدات کە بیرو هۆش، کولتور و زمان و ئەدەبیات ... ئەو گەلە ژێردەستە بێنێتە خوارەوە. ئەندامانی ئەو گەلە بە جۆرێک پەروەدە ئەکات کە بڕوایان بە خۆیان و دوا رۆژی خۆیان نەبێت! پیادە کردنی ئەم سیاسەتە، کاردانەوە، و رەنگدانەوەی زۆری هەیە لە سەر هەندێک کەسی سادەی گەلە ژێردەستەکە.

ئەو کەسانە ئەکەونە ناو داو و تەڵەی ئیدئۆلۆژیی روناکبیرانی گەلە سەردەستەکەوە. هەرچی رووناکبیرانی گەلە سەردەستەکە کوتیان ئەمان وەک تووتی دووبارەی ئەکەنەوە، لە پێناوی رازی کردنی روناکبیرانی گەلە سەردەستەکەدا سوکایەتی و بێ حورمەتی بە خۆیان و نەتەوەکەیان ئەکەن، ئەو کارەیش ئەبەنە ژێر چەتری شۆڕشگێڕی و بەرابەریخوازی و دیموکراسی و دژایەتی کردنی کۆنەپەرەستی.

## جەنگی ئابووری

جەنگی ئابووری‹ محاصری اقتصادی› ئەم جەنگە لە لایەن هەر دوو لایەنی جەنگەکە واتە داگیرکەر و داگیرکراو بە دژی یەکتری پەیرەو ئەکرێت. لەجەنگی ئابووریدا داگیرکەر توانایی زیاترە و زیانی زۆرتر بە دوژمنی خۆی ئەگەیەنێت، لەم قۆناغەدا داگیرکەر بەو چاوە سەیری دوژمنەکەی ئەکات کە لە باری ماڵییەوە نەدارن و هیچیان نییە، ئەوەی ئەوان بۆیان نەنێرن بۆ خۆیان هیچیان نییە کە پێی بژین. با لێرەدا نموونەیەکی لای خۆمان دەسنیشان کەم. ( عەبدول حەسەن بەنیسەدر) یەکەم سەرۆکۆماری دەوڵەتی کۆماری ئێران لە تەلەڤیزیۆنی تارانەوە کوتی:

(این کردها چ چیزی از ما میخواهند، جز اَنچه که ما برایشان نفرستیم، خودشان که چیزی ندارند= ئەم کوردانە چییان لە ئێمە ئەوێت، جگە لەوەی کە ئێمە بۆیان نەنێرین، خۆ خۆیان هیچیان نییە.).

لە جەنگی ئابوورییەدا داگیرکراوەکە تەنیا ئەوندەی لەدەس دێت کە رێگای بەرهەمە کشت و کاڵییەکان و‹ ئاو› ـ ‹ کارەبا›.... کە لە بەردەستی دایە لە دوژمن ببەستێت تا زیان بە داگیرکەر بگەیەنێت.

## جەنگی نیزامی

ئەم جەنگە بە شێوەی ئەرتەشی مودێڕن، هەروەها پارتیزانی ‹ پێشمەرگانە› لە دژی یەکتر ئەنجام ئەدرێت و زیان بەیەکتر دەگەینن، بەڵام هیچ لایەکیان ئامادە نییە سەر بۆ ئەوی دیکە نەوی بکات. لەم جەنگەیشدا داگیرکەر دەسەڵاتی سەبازی و مادی زۆرترە، لە هیچ چەشنە زیانگەیاندێک وەک بوومباران و راگوێزان، دەرکردنی ئەو ئەو گەلە ژێردەستە لە شار و گوندەکانی، گۆرانی ناوی شار و گوند، شاخ و کێو، جادە و کۆڵانەکانی ئەو شوێنەی کە داگیری کردوە دەس ناپارێزت.

به هۆی ئەو سێ جەنگە خەڵک زیانی زۆری پێئەگات، لەم قۆناغە سەخت و دژوارەدا لایەنێکی سێیەم دێتە پێشەوە و ئەڵێت کار بە جەنگ کۆتایی نایەت، باشتر وەهایە لە خەڵک بپرسین کە ئایا پێیان خۆشە پێکەوە بژین، یا جیا بنەوە، لێرەدا پرۆسەی رفراندۆم دێتە پێشەوە، بۆ نموونە، رفراندۆم لە میللەتی (ئەریتریا) کە نیشتمانەکەیان لە لایەن ( ئەتیۆپی = حەبەشە) داگیرکرابوو.

## رفراندۆم بۆ سەربەخۆی باشوری کوردستان

ماوەی چەند مانگێکە لە رێگای سایتە ئەنترنێتییەکان و ماسمیدیای کوردستانەوە چالاکییەیەک لە پێناوی رفراندۆم لە باشووری کوردستان دا بەرچاو ئەکەوێت.
لێرەدا پیویستە هەندێک بۆ رابردوو بگەرێینەوە، لە سەد ساڵی رابردوودا زۆر کارەساتی قورس و گران بە سەر میللەتی کوردستاندا هاتووە، چ دەوڵەتە مەزنەکانی جهان و دەوڵەتانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی، چ بەرەی چەپ و کۆمۆنیست چ بەرەی سەرمایەداری، هەرەها ئەو حیزب و رێکخراوە سەراسەریانەی ئێران و ئێراق و تورکیە و سورییە لە بەرانبەر کارەساتەکانی کوردستاندا، بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەبوون، هەموویان خاوەن هەڵوێست بوون، یاری و بازرگانییان بە خوێنی خەڵکی کوردستان کردووە، ئەوانە ئامادە نەبوون  و نین هەوڵێک بدەن بۆ دابین کردنی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا، بەلام بۆ ‹ فەلەستین› ـ ‹ تیموری رۆژئاوا› و ولاتانی سوفییەتی پێشوو... بەردەوام چالاکی ئەنوێنن.
ئەوەی کە یارمەتی فەلەستین و تیمور و.... ئەدەن نەک چالاکییەکی نا پەسەند نییە، بەڵکو کارێکی پێویست و مرۆڤانەیە! بەلام ئەی کوردستان بۆ ناوی لە ئارادا نییە؟ بۆ باسی رفراندۆمێک بۆ چارەنووسی سیاسی میللەتی کوردستان ناکرێ، بۆ باسی سەربەخۆی کوردستان ناکەن؟
ئەگەر کوردێک باسی سەربەخۆیی کوردستان بکات لە روانگەی موسڵمانەکانەوە، هەستی ئیسلامییەکەی لاواز و بەوە تاوانبار ئەکرێت کە سەر بە ئەمپریالیزم و زایۆنیزمە، لە روانگەی کۆمۆنیستیشەوە ئەوە ناسیۆنالیست و کۆنەپەرەستە!
رێگام بدەن و ئیجازەم بدەن با برۆمە سەر مەسئەلەی رفراندۆم لە باشووری کوردستان کە هەم لە لایەن میللەتی کورد و هەم لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە چەندین جار ئەنجامدارەوە! با لێرەا چەند نموونەی لێ دەسنیشان کەم.

## رفراندۆمی میللەتی کورد

١ـ پێش ئەوەی دەوڵەتی ئینگلیز مەلیک بۆ ئێراق لە ‹ مەکە› قەرز کات، وەک کریس کۆچرا ئەڵێت:{( لە ٢٣ی مانگی ئاگوستی ١٩٢١دا ئەمیر فەیسەڵ کوری شەریفی مەکە کرایە پادشای عێراق و بە سرودی «خوا شا بپارێزت»پادشایی خۆی راگەیاند، بە بێ ئەوەی نوێنەرێکی سلێمانی و کەرکوکی لێ بێت)، کتێبی جنبش ملی کرد، وەرگێڕ ئیبراهیم یونسی، لاپەرە ٧٦}.{(شێخ مەحمود بە پێی راگەیاندنێک لە ١٠ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٢٢دا حکومەتی کوردستانی راگەیاند و هەشت وەزیری دیاری کرد، شاری سلێمانی کردە پاتەختی کوردستان، لە ١٨ی نوامبری ١٩٢٢دا رایگەیاند کە خۆی ‹ پادشای کوردستان›ە، ئالا هەر هەمان ئالا سەوزەکەی ١٩١٩ بوو، .... شێخ مەحمود پوول ‹ تەمر›ی پۆستی چاپ کرد، لە پوولەکەدا نووسرا بوو ‹ حکومەتی کوردستانی جنوبی› )، لاپەرە ٨١،٨٢،٨٣ }. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
وەک ئەبینین میللەتی کوردستان بە هیمەتی خۆی لە سالی ١٩١٩دا ئالای کوردستان دیاری ئەکات، بەلام حکومەتی ئێراق لە ١٩٢١دا بە دەستی ئینگلیز دروست ئەبێت.
پاش لە ناوبردنی دەوڵەتی کوردستان و بنیادنانی دەمودەزگای دەولەتی ئێراق لە کوردستاندا، بۆ رۆژێکیش میللەتی کوردستان دەوڵەتی ئێراقی وەک دەوڵەتی خۆی نەناسیوە! بۆ رۆژێکیش دەوڵەتی ئێراق بە بێ زەبروزەنگ نەتوانییوە لە خاکی خەڵکی کوردستاندا حکومەت بکات.
٢ـ باشترین بەڵگە بۆ رفراندۆم دروشمی راپەڕینی( ١٩٩١)ە کە خەڵک ئەوت:

خوێنی شەهیدان سورە            جەبەل حەمرین سنورە.

٣ـ کۆرەوەکەی ساڵی١٩٩٢کە خەڵک شار گوندەکان جۆڵ ئەکەن مەزنترین رفراندمە!

## رفراندۆمی دەوڵەتی ئێراق

١ـ تێکرای دەسەلاتدارانی ئێراقی بە پادشایی و مەلیکییەوە، لە فکری تالانکردن و وێرانکردن و تەعریبی کوردستاندا بوون.
٢ـ ئابلۆقەی ئابوری کوردستان لە لایەن دەسەلاتدارانی ئێراقەوە کە چەندین جار ئەنجامدراوە  مانای ئەوەیە کە ئێمە و ئێوە جیاوازین ؟
٣ـ پرۆسەی وێرانکردن وشیمابارانکردنی کوردستان، راگوێزانی خەڵکی کوردستان لە شار و گوندەکانی کوردستان ئەگەر رفراندۆم نییە چییە؟

٤ ـ ئەنجامدانی ئایەی ئەنفال کە لە قورئاندا هاتووە لە سەر میللەتی کوردستان کە زۆربەیان موسڵمانن، مانای رفراندۆم و جیاوازی نییە ، ئەی ئەبێت چی بێت؟

*

وەک ئەبینین هەم خەڵکی کوردستان و هەم دەوڵەتی ئێراق بە کردەوە رفراندۆمی خۆیان ئەنجام داوە، حکومەتەکانی داهاتووی ئێراق بە هەر ئیدئۆلۆژییەکەوە بەدەسەڵات بەگەن هەر ئەوە ئەنجام ئەدەن کە دیومانە! جێگەی داخە هیچ دەوڵەتێک و رێکخراوەیەکی سیاسی جهانی نایانەویت بێن بۆ ناوبژی کردن و ئەنجامدانی رفراندۆم لە پێناو سەربەخۆی کوردستان، وەک شوێنەکانی دیکەی جهان.

گرنگی کاری ئەو کەسانەی کە هەستاون بە رێکخستنی پرۆسەی رفراندۆم، لێرەدا بە روونی دەر ئەکەوێت کە چەندە قورس و گرانە. تەنیا ئیدئۆلۆژییەک و بیروباوەرێک کە بتوانێ ئەو رێگا سەخت و دژوارە هەموار بکات و پرۆسەی رفراندۆمی رەزگاری باشوری کوردستان بە ئاسانی بباتەوە پێشەوە، ئەوەیە کە ناوی ( عێراق = ئێراق ) و تۆ ئێراقییت لە لایەی هەر کوردێک مایەی نەنگ و سەرشۆڕی بێت! بۆ ئێمەی کوردیش پێوستە تەنیا کوردستان بە نیشتمان و وڵاتی خۆمان بزانین. وەک ئەزانین چەندین دەوڵەتی عەرەبی هەیە، کوردستانیش ئەگەر یەک دەوڵەتی بۆ نەگاتە ئەنجام، ئەتوانێ لە هەمان بازنەی چەند دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا بژی!

هەمان بیرکردنەوە و ئیدئۆلۆژی دەرمانی دەردی هەموو بەشەکانی کوردستانە! دیارە لە پەنای ئەو ئیدلۆژییە راستەقینەدا مافی ئەوەمان نییە بە چاوی سوک و بێ بەهاوە سەیری نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەب، فارس ، تورک ... بکەین!

١٩/٩/ ٢٠٠٣ سەعی سەقزی، ستۆکۆڵم

ئەم نووسراوە لە ژمارە ٣١٨٠ی کوردستانی نوێ، لە مانگی سپتامبری ٢٠٠٣دا لە کوردستان چاپکرا.

*